# مامەڵاتی ئاریاتەباری لە نێوان ئێران و ئاڵمان!؟

**دەروازەی باس**

دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی (فارس-شیعە) وەک حکومەتی هیتلێر لە سەدەی بیست هەڵەی گەورەی مرۆڤایەتی بوو. یەکیان سڕدرایەوە و وەک مێژوو باسی لێ دەکرێ، ئەویتر ٤٤ ساڵە سەرەڕای پێشێلکردنی هەموو بڕیاڕ و پرێنسیپەکانی ناودەوڵەتی و پێشێلکردنی هەر چەشنە مافێکی ئینسانی لە لایەن دەوڵەتان و دامودەزگای جیهانی وەک حکومەتێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردرێ، لە کاتێکدا جینایاتی دژیی بەشەری حکومەت شاراوە نییە!

حکومەتی ئیسلامی لە شەڕی ئێران و عێراق (١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨) بۆ پاککردنەوەی مەیدانی مین، وڵاغیان بەکار هێنا، دواتر بە ئەمری خومەینی ڕێگا بۆ منداڵان و لاوان بە بێ ئیزنی دایک و باوکیان کرایەوە بۆ ئەوەی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ و مەیدانی مین بکرێن.

لە ڕێگای مێدیا، فێرگە و مزگەوت بانگەوازی چوون بۆ شەڕ کرا و «شەهید»بوون، کرا بە ئامانج بۆ منداڵان و لاوان. بۆ ئەم مەبەستە <<حەوت سەد هەزار کلیلی پلاستیکی بە ناوی کلیلی بەهەشت لە تایوان سفارش درا و پێنجسەد هەزار منداڵی نێوان دوازدە بۆ شازدە ساڵ کلیل لە مل ڕەوانەی سەر مەیدانەکانی مین کران.>> حکومەتی ئیسلامی ئێران لە کتێبی دەرسی << پۆلی هەشت باس لە کوشتنی ٣٦ هەزار منداڵی نێوان ١٤ بۆ ١٦ ساڵ دەکات. یەک لەوان لە وەسیەتنامەکەیدا نووسیوە: چاردە ساڵ لە تەمەنم دوور لە ئەڵا بە فیڕۆ تێپەڕی. چەند شیرینە شیرینە مەرگ!>>



ناسیۆناڵ سوسیالیستەکان وەک حکومەتی ئیسلامی ئێران حەولیان داوە مێشکی منداڵان بشۆنەوە. کڵاودیا هایدنفێلدر دەنووسێ: لە لایەنی ئیدئۆلۆگی مێشکی منداڵان دەشۆردرایەوە. بۆ زۆر لەو منداڵانە شەڕ چەشنێک حەماسە بوو، ئۆنیفۆرم لەبەرکردن شانازی و چەک لە دەستدا بوون چەشنێک گەمە بوو. (Kindheit im Zweiten Weltkrieg :Claudia Heidenfelder)١

حکومەتی ئیسلامی ئێران لە سپتامبری ٢٠٢٢ پاش مەرگی ژینا ئەمینی، ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێکی مەزنی منداڵ و لاو و ژنان هات و سەدان کەسیان لە سەر شەقام غەرقی خوێن کران و بەرپرسان هەڕەشەی کوشتنی دەهەزار کەسیان کرد. قازیی مەرگ بە باوکی یەک لە ئیعدامکراوانی شاری کرج کە ویدیۆی قسەکانی لە ئینترنێت بڵاوکرایەوە، گوتبوو:" ئەگەر ئیعدام نەکەم چی وڵامی خودا بدەمەوە!؟"

ڕژیمی ئیسلامی ئێران وەک ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێی ئەم تێگەیشتنە لە خودا، ئیسلام، سیاسەت و حکومەت، چل و چوار ساڵە دەکوژێ و تەرەفی سیاسی و بازرگانی و دیپلۆماسی دەوڵەتان ماوەتەوە. لەم بابەتەی بەردەست ناکرێ باسی سیاسەتی ئێران لە مەڕ وڵاتان بکرێ، بەڵام دەکرێ ئاوڕ لە دوو وڵاتی ئێران و ئاڵمان بدرێتەوە، کە پێوەندیی تایبەتیان لەگەڵ یەک هەبووە!

بۆ نووسینی ئەم بابەتە جگە لەو کتێبانەی کە لە خوارەوە هاتووە لە بابەتی پێوەندیداری ناو گۆڤار، ماڵپەڕی ئینترنێت، یوتووپ کەڵک وەرگیراوە.

**ئاڵمان خۆشەویستی ئێران**

<< ئاڵمان لە ناو یەکیەتی ئوروپا، وڵاتی خۆشەویستی ئێرانە! ئێمە خەڵکی ئاڵمانمان خۆش دەوێ. ئێمە دەوڵەتی ئاڵمانمان خۆش دەوێ. ئێران و ئاڵمان پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ یەک هەیە. ئێمە بە پێی مێژووش پێوەندی باشمان لەگەڵ یەک هەبووە.>> ئەوە قسەی سەفیری ئێران عەلی رەزا عەتارە لە بەرلین و مەحموود ئەحمەدی نێژادە لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی دووی تەلەڤیزیۆنی ئاڵمان لە مانگی مای ٢٠١٢. هاشمی ڕەفسەنجانی یەک لە سەرانی سەرەکی ڕژیم، ساڵی ١٩٩٦ بۆ ئیسباتی دۆستایەتی دوو "میللەت" گوتی:" هەر دوو خەڵک(نەتەوە) لە نێژادی ئاریاین Beide Volker sind arischer Rasse!".  ئەو ساڵی ٢٠٠٨ تێگەیشتنی هاوبەشی ئێرانی – ئاڵمانی قووڵتر نەخشاند: "ئێمە ساڵی ١٩٤١ لە لایەن سۆڤیەت و هاوپەیمانان وڵاتەکەمان داگیر کرا، هەر وەک چۆن ئاڵمان ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن ئەوانەوە داگیر کرا." ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەبێژێ:" ئێمە ساڵی ١٩٧٩ ئەم پێوەندیانەمان پچراند." مەبەستی پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت و وڵاتانی هاوپەیمانی هەر دوو شەڕی یەکەم و دووهەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئاڵمان ئەوکارە نەکرا.
ڕەفسەنجانی شیعە مەزهەبی فارس، عونسوری نێژاد لە نێوان ئاڵمانی و ئێرانی (فارس) بە گرنگترین بنەمای دۆستایەتی و نزیکی دادەنێ و بە ئاشکرا ئاڵمان و ئێران لە سەردەمی نازی هاو بەرە (مێژوویی – ئیدئۆلۆژیک) دەبینێ و ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاریایی (فارس) بوون، موسڵمانی شیعە بوون و تێگەیشتنی ڕاسیستی ڕەگی هاوبەشیان هەیە. لە رۆژی ١٧ ی ئاپریلی ١٩٩٧ بۆ یەکە جار یەک لە ئەندامانی پارلەمانی ئاڵمان "Karsten D. Voigt" ناڕاستەوخۆ قسەکانی ڕەفسەنجانی سەلماند وگوتی: " تێگەیشتنی ئێرانییەکان سەبارەت بە دۆستایەتی ئێران و ئاڵمان ئەوە بوو کە لە سەردەمی قەیسەر ویلهێلم، کۆماری وایمار و هیتلێرەوە، ئەم دۆستایەتی یە هەبووە."

**ئێران و قەیسەری موسڵمان**

حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی ئاڵمان ساڵی ١٩٢٠ دامەزرێندرا و ڕۆژی ٣٠ی ژانویە ١٩٣٣ هیتلێری گەیاندە حکومەت. وەزارەتی دەرەوەی ئێران ساڵێک پاش هاتنە سەرکاری هیتلێر، لە ڕۆژی (٦ دی) ٢٧ی دێسامبری ساڵی ١٩٣٤ (١٣١٣ شمسی) لە ڕێگای ئاگادارییەکی فەرمی داوای لە وڵاتان کرد، لەو ڕۆژە بە دواوە، ئەم وڵاتە بە ناوی ئێران بناسرێ. واتە ٩ ساڵ پاش هاتنە سەرکاری ڕەزا شا، کە ساڵی ١٩٢٥ کرایە شای ئێران و لە جەنگەی شەڕی دووهەم ساڵی ١٩٤١ لابردرا.

مێژوونووسانی پارس ناوی ئێران دەگەڕێننەوە بۆ پێشنیاری سەعید نەفیسی، محەمەد عەلی فروغی و سەید حەسەن تەقی زادە، کە پۆستیان لە حکومەتی ڕەزاشادا هەبوو. فارسەکان وشەی ئێران بۆ وشەی ئاریایی دەگەڕێننەوە و ئاریایی بە نێژادی خالس و نەجیب زادە مانا دەکەنەوە و پشت بە شانامەی فردەوسی و ئەوێستا دەبەستن .نازییەکانی ئاڵمان هەر لەو سەردەمە خۆیان بە ئاریایی و نێژادی خالس و نەجیب زادە و بانتر لە ئەوانی تر دەزانی. بەر لە سەرهەڵدانی نازییەکان قەیسەری ئاڵمان ویلهێلمی دووهەم، ساڵی ١٨٩٨ سەفەری بۆ فەلەستین و ئەستانبووڵ و دەمێشق کرد و لە سەر گۆڕی سەلاحەددینی ئەییوبی قسەی کرد و لە ناو موسڵمانان دەنگۆ بڵاوکرایەوە کە قەیسەری ئاڵمان بۆتە موسڵمان و ناوی خۆی ناوە محەممەد، دوابەدوای ئەو سەفەرە، ئاڵمان لە ڕێگای سوڵتانی عوسمانییەوە جیهادی ئیسلامی دژی ڕووسیە و بریتانیا ڕاگەیاند، کە شازدە ساڵ دواتر واتە ١٩١٤ لە کاتی شەڕی یەکەم بوو بە سەرمایەی سیاسی ئاڵمانییەکان لە شەڕ دژی ڕووس و بریتانیا. ئەوەش هەر ئەو دوژمنە هاوبەشەی ئێران و ئاڵمانە کە ڕەفسەنجانی باسی لێوە کردووە.

سەفەری قەیسەری ئاڵمان، شەڕی یەکەم و سەرهەڵدانی نازیسم لە سەر موسڵمانان و ئاریایی تەبارەکان کارتێکردنی قووڵی بەردەوامی هەبووە و هەیە. پاش وەڕێخستنی ڕادیۆ بە زمانی فارسی لە بەرلین لە ساڵانی پاش ١٩١٩ فارسی زان و فارس زمان کەوتنە ژێر کارتێکردنی پروپاگەندەی ئاریایی – ئاڵمانی کە لە درێژەدا خۆی لە نازیسم و فاشیسم دا دیتەوە.

بە پێی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان پیوەندی "پارس و جێرمن" لە سەر بنەمایی ئاریایی چروپڕ بووە و ئاڵمان لە لایەنی فکریی، سیاسی، نیزامی، ئابووریی، سەنعەتی و سازکردنی ڕێگا و بان تەرەف مامەڵەی ئێران بووە و هەر بە پێی ئەو بەڵگەنامانە، هەر وەک چۆن یەکەم جاڕنامەی جیهادی ئیسلامی پێشنیاری ئاڵمان بووە بۆ سوڵتانی عوسمانی، بە هەمان شێوە گۆڕینی ناوی پارس، پێرشین بۆ ئێران، پێشنیاری نازییەکان و وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان لە ساڵی ١٩٣٤ بوو.

ئەوەش دەزاندرێ زۆرێک لە "ڕووناکبیران"ی پارس و ئازەری و بگرە کورد لە ئاڵمان خوێندوویانە و بیری نازیسم و ئاریایی هاوکات تەشەنەی ساندووە و ڕێک لەو سەردەمە لە تاران خۆخەریککردن بە سەردەمی کۆن و ئاوڕدانەوە لە نیژاد پەرەی ساند و لە ناو کورد و ئازەری و ئەوانی تر ئاراییبوون ڕەنگی فکری و ئیدئۆلۆژیکی پەیدا کرد و کەسانی وەک ڕەشید یاسەمی کورد، ئەحمەد کەسرەوی ئازەریی ئاراییبوونیان تیئۆریزە کرد و ڕەنگی مێژوویی یان پێبەخشی. کەسانێکی وەک تەقی ئەرانی ئەو کاتەی کە لە ئاڵمان بوو، تا ئەو ڕادەیە لە شونیسمی فارس نزیک بووە، داوای تواندنەوەی میللەتی ئازەری و لە ناوبردنی زمانەکەیانی کرد، کە زمانی دایک و باوکی خۆی بوو. ئەرانی دواتر لە گەڕانەوە بۆ ئێران بوو بە یەک لە پێشکسوەتانی کۆمۆنیسم و حزبی توودە. پرۆسەی لە ئازەرییەوە بۆ ناسیۆنالیسم و شوونیسمی فارس و دواتر کۆمۆنیسم و بە پێچەوانە، لە ناو نوخبەی کورد و ئازەری و نەتەوەی نەفارس جێی تێڕامانە.

### ئیسلام و فاشیسم

موسلینی پاش قەیسەری ئاڵمان تێگەیشت، کە دەکرێ موسڵمان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، ئەو یەکەم کەس بوو کە وەشانی ڕادیۆی بە زمانی عەرەبی لە ئوروپاوە دەست پێکرد. ساڵی ١٩٣٤ ڕادیۆ باری Bari بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی دەست پێکرد. ئەوان دەیانزانی وڵاتانی عەرەبی لە نەخوێندەوەرایدا نوقم بوون. بە پێی ئامار ساڵی ١٩٣١ نەخوێندەواری لە فەلستین زیاتر لە ٧٥ لەسەد، ساڵی ١٩٤٥ لە میسر ٨٠ لە سەد و لوبنان ٨٥ لە سەد بووە. لە ئێران لە سەردەمی شەڕی دووهەم و پێشتر نەخوێندەواری وەک وڵاتانی ناوچە بووە و ساڵی ١٩٧٦ (١٣٥٥) لەو پەڕی حکومەتی شاهەنشاهی کە جاڕی گەیشتن بە دەروازەی تەمەدوونی گەورە لێدەدرا، نەخوێندەواری باڵای ٥٢ لە سەد بوو. کچان و ژنان ٦٥ لە سەد نەخوێندەوار مابوونەوە. ئەو کچ و ژنانەش کە بە خوێندەوار دەژمێردران مەدرەکی شەش بۆ نۆیان هەبوو. ئەم ئامارانە دەریدەخەن کە نیوەی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ نەخوێندەوار و مرۆڤی موسڵمان بوون کە وەشوین خومەینی کەوتن.

چوار ساڵ پاش ئیتالیا لە ساڵی ١٩٣٨ ساڵێک بەر لە شەڕی دووهەم، فەڕانسە، ژاپۆن، سۆڤیەت، بریتانیا بەرنامەیان بە زمانی عەرەبی دەست پێکرد، ساڵی ١٩٣٩ ئاڵمان بەرنامەی بە زمانی عەربی و ١٤ زمانی تر دەست پێکرد، سەرجەم بەرنامەکان لە ژێر چاوەدێری پرۆپاگەندی نازییەکان بەڕێوە دەچوو، نازییەکان سەرکەوتووتر بوون و پێشتر لە جەنگەی شەڕی یەکەمەوە بەرنامەیان بە زمانی فارسی و تورکی لە بەرلینەوە بڵاوکردبووە. مێدیا بە تایبەت ڕادیۆ لە شەڕی یەکەم و دووهەم دەوری کاریگەری لە شەڕدا گێڕا.

نازییەکان نە تەنیا بۆ پرۆپاگەندەی نازیسم، بەڵکوو بۆ مەسەلەی جاسووسی و تەشەنەبەخشین بە دوژمنایەتی جوو لە ناو موسڵمانان لە ڕادیۆ کەلکیان وەرگرت و زۆرتر و زۆرتر ئەم مەسەلەیان بردە ناو خەڵکی موسڵمان بە فارس و عەرەب و تورک و ئەوانی ترەوە. نازیسم لە ڕێگای پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ موفتی موسڵمانان و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و تورک و فارس ئەوانیان لە دژی جوو و ڕووس و بریتانیا هان دا. بە پێی بەڵێنێک کە هیتلێر لە ٢٨ نوامبری ساڵی ١٩٤١لە بەرلین بە موفتی موسڵمانانی دابوو، ئەگەر سپای نازیسم بگاتە باڵکان سەرجەم جوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا بنەبڕ دەکرێ. بە پێی ئەم بەڵێنە دەبوو ٧٠٠٠٠٠ حەوت سەت هەزار جوو لە ناو ببردرێن و نەسلیان بنەبڕ بکرێ.
قڕکردنی ئەرمەنییەکان بە پێی تێگەیشتنی فاشیستی- ئیسلامی لە ٢٤ی ئاپریلی ١٩١٥ لە میانەی شەڕی یەکەم هەتا ساڵی ١٩٢٣ بە ئەمری ئاتاتورک کە ئاڵمانیش تۆمەتبار بە بەشداریکردن دەکرێ، یەک پرۆژەی فکری-ئیدئۆلۆژییە کە جوو، ئەرمەن و کورد لە خۆ دەگرێ. بڕیاری ٤ی مانگی مای ١٩٣٧ لە لایەن ئاتاتورک بۆ قەتڵوعامی کورد، درێژەی قەتڵ وعامی نەتەوەی نەتورک بوو. قەتڵوعامی دەرسیم بە پێی هەمان بنەمای فکری قڕکردنی جوو و ئەرمەن ڕووی دا. کورد و ئەرمەن و جوو کۆنترین نەتەوەی مێزۆپۆتامیا بوون و هەن و ئەم سێ نەتەوەیە لە لایەنی ژێنێتیک زۆرترین ژێنی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا هەیە و لە گەڵ تورک و عەرەب و فارس خزمایەتییان نییە. هەر سێ نەتەوە لە لایەن موسڵمانان بە گشتی و عەرەب و تورک و فارس هەڕەشەی لە ناوبردنیان لە سەر بووە.
ئاکامی پرۆپاگەندەی نازیی لە ڕێگای ڕادیۆوە لە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت لە بەغدا خۆی نیشان دا، لە یەک و دووی مانگی ژوئن ساڵی ١٩٤١ لە ماوەی ٣٠ سەعات، ١٨٠ ژن و منداڵ و گەورە و بچووکی جوو کوژران و دواتر تەرمی ٦٠٠ی دیکە دۆزرایەوە. بی بی سی هەواڵی ئەم کۆمەڵکوژییەی بڵاو کردەوە. ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لە لایەن کەسانی وەک "ڕەشید عەلی ئەل گەیلانی" ڕا ڕابەرایەتی دەکران و ساڵی ١٩٣٩ بەو لاوە، لە ژێر پرۆگرامی "فەرهوود" قەتڵوعامی جوویان لە بەغدا وەرێخست، ئەوان بە تەنیا لە ژێر کاریگەری نازیسم، نەبوون لە پێوەندی لەگەڵ ئەواندا بوون.

**فارس ئیسلام نازیسم**
هەستی هاوبەش بە پێی تئۆری ئارياييبوون، گەیشتە ئەو ئاستەی ئاڵمانییەکان لە ساڵی ۱۹۳۳ بەو لاوە دەستیان کرد بە ڕاهێنانی تەکنیکی ئێرانییەکان و ماماڵەتی تیجاری هەتا ٤٧ لە سەد هەڵکشا و ئاڵمان دەوری معماری سەنعەتی ئێرانی پەیدا کرد و یەک لە کارەکانیان کێشانی خەتی ئاسن بوو.
لە میانەی شەڕی یەکەم ئاڵمان و ئێران خۆیان بە دوژمنی هاوبەشی ڕووسیا و بریتانیا دەزانی، لە میانەی شەڕی دووهەم هەستی نزیکبوونەوە لە نازیسم پەرەی ساند. ڕادیۆ بەرلین بە زمانی فارسی لە هەر شوێن دەبیسترا، خەڵک لە بەر چایخانەکان کە ڕادیۆیان هەبوو، ڕیزیان دەبەست.
ئەلکساندر وینکلەر Alexander Winklerبەرپرسی پرۆپاگەندەی نازی لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۹ هەتا ۱۹٤۱لە تاران، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ۱۰ی ژانویە ۱۹٤۲ بڵاوکراوە، ئاماژە بە لایەنی ئایینی و ئیسلامی ئێرانییەکان دەکات و دەبێژێ: " هەموو ئەو پروپاگەندانەی لایەنی ئایینی هەبێ، کارتێکردنی زۆر لە سەر خەڵکی ئێران دادەنێ." ئەو باس لە مەزهەبی شیعە و ئیمامی دوازدە (ئیمامی زەمان) دەکات و دەبێژێ:" شیعەکان لە هیتلێردا ئەوکەسایەتییە (ئیمامی زەمان) دەبینن." ئەمە درێژەی هەمان تێگەیشتنە کە قەیسەری ئاڵمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە پاش سەفەر بۆ دمێشق لە سەر گۆری سەلاحەدین چەسپاندی و زۆر لە موسڵمانان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە قەیسەر بۆتە موسڵمان. هیتلێری ئاریایی، دژی جوو و بریتانیا و ڕووس، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی ببێتە ئیمامی زەمانی شیعەی ئێران. پاش ئەو خومەینی ئەو دەورەی گێڕا.
وینکلەر دەڵێ:" لە فەناتیزمی شیعەی ئێران پۆتانسیلی بەهێز هەیە کە دەتوانێ بە سوودی ئێمە تەواو بێ." ئەو ئیشارە بە دژایەتی بەهێزی شیعە لە دژی جوو دەکات، کە هەمان تێگەیشتنی نازیسم لە دژی جووە. ئەروین ئەتەل Erwin Ettel سەفیری ئاڵمان لە تاران ئەم ئیدەیەی وینکلەری وەرگرت و بە گرێدانی دوو سەدەی حەوت و بیست، تئۆری دژی جووی ڕوونتر دەربڕی:" بۆ ئەوەی ڕێگای دژی جوو خۆش کرێ، دەبێ شەڕی محەممەد بە دژی جوو لە سەدەی ۷ بە سەدەی بیستەوە گرێ بدرێ، بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ لە سورەی ٥،٥٨ قورعان کەڵک وەربگیرێ." سەفیری ئاڵمان پێشنیار بە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان دەکات بۆ چەسباندنی پرۆپاگەندە، ئەم سورەیەی قورعان" ڕاستی جووەکانت لە لای هەر مرۆڤێک بۆ دەرکەوێ" و ئەو قسەی هیتلێر لە کتێبی "خەباتی منMein Kampf "بە پارێزگاری کردن لە خۆم لە حاند جوو، خەبات دەکەم دژی بەرهەمهێنەرەکەی"، لە یەک گرێ بدرێن. بەم چەشنە ئەوان لەم ڕێگایەوە شیعە و نازسیسم، هیتلێر و ئیسلامیان لە یەک گرێ دا.
بۆ وڵاتێک کە زۆرینەی خەڵکەکەی موسڵمان و شیعە و نەخوێندەوار بوون، سەرکەوتنی پرۆپاگەندەی لەم چەشنە مسۆگەر بوو. هاتنی خومەینی و دامەزراندنی حکومەتی شیعە لە ساڵی ۱۹۷۹ ئەوەی سەلماند کە دەکرێ تێگەیشتنی فاشیستی و ئیسلامی یەک بگرنەوە. شەڕی ئێران و عێراق و شەڕ دژی نەتەوەکانی وەک کورد، سەلماندی، کە دەکرێ ئاپۆرەی خەڵک بۆ قەتلوعامی نەتەوە و ئایینی جیاواز بەکار بهێندرێ.
گرێدانی وتەکانی هیتلێر و قورعان، گرێدانی " ئیسلام – شیعە- ئاریاتەباری- فاشیسم" بوو، کە مرۆڤی فارس- ئێرانی- شیعە خۆیان تێدا دیتەوە و چل ساڵ دواتر ساڵی ۱۹۷۹ حکومەتی ئیسلامی – ئیرانی لێکەوتەوە. ئاڵمان بەرهەمهێنەری جیهادی ئیسلامی، ناوی ئێران، بە ناو"ئیسلام ویسنشافت"Islamwissenschaft لە زانستگا و زەریفترین و گرانترین قورعان بۆ موسڵمانان بوو. ئاڵمان زیاتر لە ۱۲۰ ساڵە لە ڕێگای سازمانی جاسووسی خۆیەوە پێوەندی لەگەڵ سەرانی ئیسلامی شیعە و سونی هەبووە و هەیە و ڕێگای ئاڵمان بۆ ئەوان و کارەکانیان کراوە بووە. ئاڵمان ساڵانە چەند ملیۆن یارمەتی دامودەزگاکانی سەر بە تورکیا و ئێرا ن و وڵاتانی تر دەدا، کە لە ئاڵمان چالاکن.
ئەروین ئەتل لە درێژەی تێزەکانید بۆ پرۆپاگەندە لە ناو ئێرانییەکان بە پاڵپشتی وتەکەی هیتلێر دەبێژێ:" ئەگەر زەین و تێگەیشتنی ئێرانییەکان بتوانین بخەینە ژێر پرۆپاگەندە، زۆرینەی بەرچاوی خەڵک ڕەگەڵ دەکەوەن". لێرە مەبەست داگیرکردنی زەین و هۆشی ئێرانییەکانە کە بکرێ بە پاڵپشتی ئیسلامی شیعە، ئاریایی تەباریی و وتەکانی هیتلێر جێبەجێ بکرێ.

ڕادیۆ بەرلین لە سەر ئەم تێگەیشتنە بەرنامەکانی بە زمانی فارسی بڵاو دەکردەوە. سەفیری بریتانیا لە تاران Reader Bullardساڵی ۱۹٤۰ لە جەنگەی شەڕدا دەبێژێ:" ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە زمانی فارسی بەرنامە بڵاو کەینەوە، ناتوانین لەگەڵ ئاڵمانییەکان بەربەرەکانی بکەین، لە بەر ئەوەی شێوەی زۆردارانە و تۆمەتبارانەی ئەوان باشتر لە ناو خەڵکی فارس وەردەگیردرێ." ئاڵمان ئەوکات لە وێژەرێکی وەک "بەهرام شاروخ" کە دەنگخۆش و شارەزا بوو، کەڵیکان وەردەگرت، کە

له ناو خەڵک خۆشەویست بوو. لەم پێوەندیەشدا چۆنیەتی و شارەزایی لە کاری ئاڵمانییەکاندا دەبیندرێ کە تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بەرنامە بۆ فارسەکان بڵاوکەنەوە، بەڵکە جگە لە ناوەرۆک دەبوو کەسانێکیان هەبێ کە بە باشترین شێوە ناوەرۆک بگەینێتە گوێگران. قسەکانی شاروخ لە سەر جوو کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی جووەکانی ئێران هەبوو.
سفارەتی ئاڵمان لە تاران باسی ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکە هەژارەکانی تاران دەکات. لەو سەردەمە و دواتر بریتانییەکان سینەما سەیاریان بۆ نمایشکردنی فیلمەکانی خۆیان بەکار دەهێنا، لەوانە فیلمی شەڕ. سفارەتی ئاڵمان باس لەوە دەکات: "کاتێ فیلمی بریتانی پیشان دەدرا، خەڵک لایەنگری خۆیان بۆ هیتلێر دەردەبڕی."
لایەنگری لە ئاڵمان لە ڕێگای ڕادیۆوە دەگاتە ئەو ڕادەیە کە بریتانییەکان بۆ ئەوەی خەڵک لە گوێگرتن لە ڕادیۆ لە قاوەخانەکان دوور کەنەوە، پۆلیسیان بەکار هێناوە. ڕوونە لایەنی ئیدئۆلۆژیک، "ڕەگەزیی"، ئایینی، سیاسی و پرۆپاگەندەی بەردەوامی ئاڵمانییەکان، کاریگەری لە سەر تێگەیشتن و هەستی خەڵکی ئاسایی هەبووە. ئەوە بە تەنیا خەڵکی ئاسایی ناگرێتەوە و رۆشەنبیر و ئاکادمیسین و تێکنۆکراتەکانی ئێران لە خۆ دەگرێ. وێنەیەکی بەرچاو لە سیاسەتی ئاڵمان بەرانبەر بە ئێران و شیعە لە سازکردنی ناوەندی گەورەی ئیسلامی هامبورگ بەرچاو دەکەوێ. ئەم ناوەندە لە سەر دەستی گەورەکانی شیعە پێک هات و سەید محەممەد بەهشتی ئیدئۆلۆگی حکومەتی ئیسلامی و ولایەتی فەقی، بەرپرسی بوو. ئەو لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤) هەتا ساڵی ١٩٧٩لە هامبورگ دەژیا و هەر ئەو پێکهێنەری "ئیتحادیەی ئەنجومەنی خوێندکارانی موسڵمان" لە ئوروپا بوو. بەهشتی یەکێک لە نزیکانی مووسا سەدر و خومەینی بوو کە پرۆژەیان سازکردنی حکومەتی ئیسلامی بوو.

**ئیسرائیل ئاڵمان و ئێران**

ساڵی ٢٠٠٨ ئانگێلا مێرکل لە پارلەمانی ئیسرائیل ڕوو لە پرلەمانتارانی ئیسرائیل گوتی: " هەموو سەرۆکوەزیرانی ئاڵمان خۆیان لە حاند پاراستنی ئەمنیەتی ئیسرائیل بەرپرسیار دەزانن و بۆ من وەک سەرۆکوەزیرانی ئاڵمان ئەم مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەک جێگای مامەڵە نییە." لە بەرانبەر ئەم سیاسەت و ویستە، ڕژیمی ئێرانی ئیسلامی لە ڕۆژی هاتنە سەر کاری، خوازیاری "نابوودی ئیسرائیل" بوو. ئەم دوو سیاسەت و ویستی دژ بەیەکە، چۆن لە گەڵ یەکدا گونجاون؟!
سەفیری ئاڵمان لە تاران بێرند ئێربل Bernd Erbel لە ئۆکتۆبری ٢٠١١ لە جەنگەی ئیعدامەکانی ئەو ساڵە بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ئاڵمان دەبێژێ: " پێوەندی و یەکگرتوویی ئێمە لە تەک ئیسرائیل بەو مانایە نییە پێوەندی تایبەتمان لەگەڵ ئێران بەردەوام خاستر نەکەین! زۆر نین ئەو وڵاتانەی ئێمەی ئاڵمانی سەدەکان پێوەندی خۆشەویستانە و دۆستانەمان لەگەڵیان بووبێ."
ئاڵمان بەردەوام ژێر دەریایی و چەکی بۆ ئیسرائیل ناردووە، بە بێ ئەوەی ئێران نارەحەت بکات، لە هەمان کات بەردەوام پێوەندی ئابووریی، سەنعەتی، تەکنیکی و بازرگانی لەگەڵ ئێران پێش خستووە، بە بێ ئەوەی بە وتەی خۆیان ئیسرائیل بریندار بکەن. ئەم سیاسەتە دەریدەخات ئیسرائیل و ئێران لەم بەر و ئەو بەری ئاڵمان یەکتر دەگرنەوە!
ئاڵمان بۆ ئەوەی سیاسەتی دژ بە ئامریکا و ئیسرائیل پەیدا نەکات، دوو فێڵی بەکار هێنا، یەکەم سیاسەتی هاوکاری و ڕەخنە لەگەڵ ئێران، دووهەم ئەوەی لە نێوان ئیسرائیل و ئێران قەراردادێکی هاوچەشنی ئامریکا و شوورەوی وەک سەردەمی شەڕی سارد ببەسترێ. واتە ئێران خەریکی پرۆژەی ئەتۆمی خۆی بێت، بەڵام دان بەوە دابنێ کە ئەگەر بۆمبی ئەتۆمی بوو، پەلاماری ئیسرائیل نەدا. ئەم سیاسەتە سەری نەگرت.

**بۆمب و ئێران**

سارکۆزی سەرۆککۆماری فەرانسە ساڵی ٢٠٠٧ هۆشداری دا لە سەر حەولەکانی ئێران بۆ سازکردنی بۆمبی ئەتۆم. کاتێک ساڵی ٢٠١٢ ئامریکا و کانەدا و بریتانیا بانکی مەرکەزی ئێرانیان بە هۆی بەشداری لە پرۆژی ئەتۆمی بایکۆت کرد، ئاڵمان دەرگای کراوەی بۆ مامەڵاتی بانکی مەرکەزی و هێندێک شرکەتی ئاڵمانی هێشتەوە، ئەوە هەمان سیاسەتە کە لە شەڕی ئۆکراین سەبارەت بە ڕووسیە پەیڕەو کرا و دوو بانکی سەرەکی کە مامەڵەتی نەفت و گازیان جێبەجێ دەکرد، بایکوت نەکران. یەک لەم شوێنانە ئەنجومەنی موهەندیسی و بەرهەمهێنانی ماشێن و کارخانەگەلی ئاڵمانی Verband Maschinen und Anlagenbau deutscher بوو. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە مامەڵاتیان لەگەڵ ئێران بەردەوام مایەوە. لەم ئەنجومەنە ٣٥٠٠ شیرکەت و کارخانەی ئاڵمانی و ئورووپی ئەندام، زیاتر لە ٣٠٪ سی لە سەدی مامەڵاتی سەنعەتی و تەکنیکی لە گەڵ ئێرانیان جێبەجێ کردووە. ساڵی ٢٠١٠ و ١١ گوترا ئێران لە سازکردنی بۆمبی ئەتۆم نزیک بۆتەوە، ئامریکا و ئیسرائیل حاڵەتی دژی شەڕ لەگەڵ ئێرانیان پەیدا کرد، بەڵام ئاڵمان سیاسەتی دیالۆگ لەگەڵ تارانی

بەڕێوە دەبرد. هاوکاری شیرکەتەکانی ئاڵمانی و دامودەزگاکانی ڕژیم کە خەریکی سازکردنی بۆمبی ئەتۆم بوون، شاراوە نەبوو، شیرکەتی Öko –Metrople Freiburg هاوکاری نزیکی لە تەک ناوەندی چەکی ئەتۆمی ئیسفاهان هەبووە و هەیە و شارداری (فرایبورگ) بە پێی وتەی Mattias Künzel دۆستایەتی لە تەک سەرۆککۆماری ئێران ئەحمەدی نیژاد (٢٠٠٣-١٣) هەبووە.

**مامەڵاتی ئاڵمان ئیران**

پرۆژەی ئاڵمان و ئێران دەیان سیاسەتمەدار و مێدیاکاری ئاڵمان و ئورووپی لە خۆی گرتووە کە بە ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ مۆرەکانی ڕژیم هاوکاریان کردووە بۆ ئەوەی دەور و ڕۆڵی ئاڵمان لە ٥+١ بە سوودی ئێران مسۆگەر بکرێ.
وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوە، ئابووری، سەنعەت و ماڵی ئاڵمان لە ڕەدەی هەمە جۆر بەشداری ئەم پرۆژەیە بوون و بە دەگمەن مێدیای ئاڵمان باسی ئەو پێوەندی و دیدارانەی کردووە و بە پێچەوانە زۆر جار مێدیای ڕژیم هەواڵی دیدارەکانی بڵاو کردۆتەوە، بۆ وێنە دیداری ڕەسمی "مەهدی زەفاری" نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٨ کە لەگەڵ زۆربەی وەزارەتخانەکانی ئاڵمان دانیشت و لە مێدیای ئاڵمان ڕەنگدانەوەی نەبوو.

بونیادگەلی سەر بە حزب و حکومەت و کۆنسێرنەکان کە هەر کام بە ڕواڵەت بۆ کاری زانستی کولتوری و پەرەپێدان بە دێمۆکراسی و شتی تر سازکراون و ناوی نووسەر و کەسایەتی بەناوبانگیان بەسەرەوەیە، دەوری تایبەت بۆ حزب و دەوڵەت و شیرکەت و کۆنسێرنەکان دەگێرن. یەک لەوانە بونیادی کۆربەرە Körber-Stiftung. ئەو بونیادە وەک خۆیان لە ئینترنێت باسی دەکەن، ساڵی ١٩٥٩ بۆ حەوت مەبەست دامەزراوە، یەک لەوانە، پەرەپێدان بە دێموکراسییە.

ئەوان هاوکاری بەردەوامیان لە گەڵ کاربەدەستانی دیکتاتۆری ئێران وەک"مەهدی زەفاری" هەبووە و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەو لاوە بەردەوام بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئێران لە ژێر ناوی "وتارێژ" بانگ کراون، لەوانە "عەلائەدین بروجردی" بەرپرسی ئەمنیەتی نەتەوەی ئێران مارس ٢٠٠٧، "سەعید جەلیلی" جێگری وەزارەتی دەرەوە و دۆستی ئەحمەدی نیژاد یۆنی ٢٠٠٧، "حەسەن ڕووحانی" کە پۆستی هەمە جۆری هەبووە و ئاخر پۆستی سەرۆک کۆمار، سپتامبری ٢٠٠٧، "مەنوچێر موحەممەدی" جێگری وەزارەتی دەرەوە فوریەی ٢٠٠٨.
ئەمانە و کەسانی لەو چەشنە کە پۆستی دەوڵەتی و سیاسییان هەبووە و لە بەرپرسانی دیکتاتۆری ئێران بوون بە ناوی شارەزا لە ژێر ناوی وتارێژ (ڕەنگە بۆ پێشخستنی دێمۆکراسی) بانگ کراون بۆ ئەوەی مامەڵاتی سیاسی بازرگانی سەنعەتی و نیزامی و ئەمنیەتی بەڕێوە بەرن. وتارێژانی بە ناو ناوەندی پەرەپێدانی دێموکراسی، میواندداری بەرپرسانی پلە بەرزی دیکتاتۆری ئیسلامی ئێران بوو.
لە سەردەمی شەڕی دووهەم ئەمریکا گەلێک بونیادی لەو چەشنەی ساز کرد، یەک لەوان" بونیادی پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە ئورووپا" بوو. کە دواتر دەرکەوت بەرنامەی سازمانی سیا بووە و لەو ڕێگایەوە دەیانتوانی لە ئینتێلێئەکتۆئێل و نووسەر و بیرمەند و ناوەندەکانیان نزیک ببنەوە.
سیاسەتی هاوکاری لە جیاتی دژایەتی بەرانبەر ئێران لە سەردەمی هیلمۆت کۆل سەرۆک وەزیران و هانس دیتریش گێنشێر وەزیری دەرەوە دەستی پێکرد و درێژەی پێدرا. گێنشێر لە ساڵی ١٩٨٤ لە جەنگەی شەڕی ئێران و عێراق ئەم سیاسەتەی هێنایە گۆڕێ و کرا بە سیاسەتی ڕەسمی ئاڵمان، ئەمەش لە کاتێدا بوو کە دەوڵەتی ئاڵمان باش دەیزانی لە ئێران چی تێدەپەڕێ و ڕژیم لە ناوخۆ و ناوچەکە چی دەکات. دەیانزانی ئێران لە ئاڵمان بە تایبەت لە بۆن و کۆڵن و هامبورگ لە ڕێگای بە ناو ناوەندی فەرهەنگی خەریکی چییە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کەسانی وەک شاپوور بەختیار هۆشداریان دابوو بە ئاڵمان کە نەکەونە داوی کۆماری ئیسلامی.
لەبەر ئەوەی پێوەندییەکانی دەیەی نەوەدی نێوان ئێران و ئاڵمان نهێنی هێشتراونەتەوە، کەمترین زانیاری لە بەر دەست دایە. سەرەڕای ئەوە دەزاندرێ لە نێوان ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٦ زیاتر لە ٣٠٠ وەفدی هەر دووک لا یەکتریان بینیوە.

بە پێی برووشوری Deutsch Handelskammer in Teheran دەفتەری بازرگانی ئاڵمان لە سەفارەتی ئاڵمان لە تاران کە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتەوە، ٢٠٠ شیرکەتی ئاڵمانی لە ئێران لە چوار سەد بواردا چالاک بوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێران لە ژێر گەمارۆی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بووە. لە ناو ئەو چوارسەد بوارە شیمی، ماشین سازی، تەکنیک، بواری پزیشکی، بانک، ماڵسازی و بواری تر هەبووە کە بەناوگترین شیرکەتەکانی ئاڵمان تێدا بەشدار بوون، وەک دایملەر، باسف، بایر، بۆش و گەلێکی تر. دووسەد شەریکەی ئاڵمانی لە چوار سەد بواری هەمەجۆر هاوپەیمان و هاومامەڵەی ئێران بوون، کە لە ژێر بایکۆتی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بووە.
ئەگەر ساڵی ٢٠٠٩ دووسەت شیرکەتی ئاڵمانی بوونیان هەبوو، ئێستا دەیان شیرکەتی ئێرانی ئاڵمانی دامەزراون کە مامەڵات لەگەڵ ئێران جێبەجێ دەکەن، یەک لەوانە هەمان شیرکەتی ئای تی IT لە شاری دۆسۆلدۆرف بوو، کە دەستی لە کۆنترۆڵ

و پچڕانی ئینترنێت لە کاتی ڕاپەڕینی ژینادا هەبوو، کە لە مانگی سپتامبری ٢٠٢٢ لە لایەن مێدیای ئاڵمانەوە لە قاو درا. ئەم شیرکەت تا نووسینی ئەم دێڕانە بەردەوامە لە کارەکانی.

**درۆ و فێڵ و تەڵەکەی ئێرانی و سیاسەت**

سەفیری بریتانیا Reader Bullard ساڵی ١٩٤٠ لە تاران گوتبووی: " ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە زمانی فارسی بەرنامە بڵاو کەینەوە ناتوانین لەگەڵ ئاڵمانییەکان بەربەرەکانی بکەین، لە بەر ئەوەی شێوەی زۆردارانە و تۆمەتبارانەی ئەوان باشتر لە ناو خەڵکی فارس وەردەگیردرێ!." لەم ڕۆژانە ٢٠٢٢/١٢/٣١ ڕۆژنامەی بیلد نووسیویە حکومەتی ئێران لە ڕێگای بەڵگەنامەی تەزویرکراو، چوار تەیارەی بە ڕێگای قاچاخ بردۆتە ناو ئێران. پێشتر هەواڵی قاچاخ کردنی پاپۆری پڕ نەوت لە ڕێگای بەڵگەنامەی تەزویر لە لایەن ئێرانەوە بڵاوکرابووە. هەموو ئەو کارانەی ئێران لەو ڕێگایانەوە دەیکات، بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئیسرائیل، چین و ڕووسیە شاراوە نییە و ئەوە ڕوونە ئێران بە تەنیا ناتوانێ ئاسمان و ڕێگای ئاو و جادەکان بە بێ بەشداری وڵاتان بۆ قاچاخی هەمەچەشن بەکار بهێنێ.

لەم ڕۆژانە دەرکەوت کە یەک لە سەرانی باڵای پارلەمانی ئوروپا کە ئەندامی حزبی سۆسیال دێموکراتی یۆنانە لە لایەن شێخەکانی قەتەرەوە، کڕدراوە. ئەمە کارێکە کە ئێران لە سەردەمی خەشایارشاوە کردوویە و دوو هەزار و چەند ساڵ بەر لە ئێستا ئەندام پارلەمانی ئەو کاتەی ئاتێن- یۆنانی بۆ مەبەستی جاسووسی کڕی. ڕەزا شا و محەممەد ڕەزا شا دەیان مێژوونووس، ڕۆژنامەوان، پرۆفیسۆری زانستگا و سیاسەتمەدار و خەڵکی تری ڕۆژئاوایان بۆ سازکردنی مێژووی قەڵب و دوور لە ڕاستی، بۆ سازکردنی تئۆری بێ بنەمایی ئاریایزم و ئێرانیبوون و بۆ داپۆشینی هەموو ئەو پێشێلکاریانەی بەرانبەر بە خەڵک دەکران، کڕی. حکومەتی ئیسلامی بەردەوام بووە لە پێشبردنی ئەم سیاسەتە. هیچ سفارەتێکی ئێران لە ئوروپا نەبوو کە کەسانی ئاڵمانی و ئوتریشی و سویسی و فەرانسی و بریتانی بە پسپۆڕی جیاوازەوە، هاوکاریان نەکات. جگە لەوانە زۆرێک لەو ئێرانیانەی کە لە زانستگاکان و لە شوێنی تر کاریان دەکرد و کار دەکەن، هەرچەند لە ڕواڵەتدا ناتەبا لەگەڵ ڕژیم خۆیان بنوێنن، لە سەمینار و کۆنفرانس و لە مێدیا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جارچی ئێران و حکومەتی ئێران بوون. ڕژیم جگە لە دامودەزگای ئیسلامی بەناو کولتوری کە ناوەندی جاسووسی و کاری تیرۆر بوون، لۆبی پشتئەستوور بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای هەیە. ڕێگایەکی تر ناردنی هەزاران مۆرەی ڕژیم وەک پەنابەر بۆ وڵاتان بووە، ئەم کەسانە ڕێگایان ئاواڵەیە بۆ هەر شوێن و هەر جێگایەک و دەوری پرد لە نێوان کەسانی ناو حکومەت و دامودەزگاکانی دەگێڕن، بۆ وێنە قالیباف شارداری ئەو کاتی تاران لە ڕێگای چەند کەسێکەوە لە یەکێک لە شارەکانی ئاڵمان، بە ناوی دەزگای پزیشکی کەرەسەیان قاچاخی ئێران دەکرد.

بە پێی ئاماری IHK خانەی بازرگانی ئاڵمان لە تاران ٢٠٠ شیرکەتی ئاڵمانی چالاکن. بەڵام لیستی ئەو بوارانەی مامەڵاتی بازرگانیان لەگەڵ ئێران هەیە، ٤٠٠ چوارسەد بوارە، واتە دەبێ زۆرێک لەم شیرکەتانە زیاتر لە چند بوار چالاک بن. ئەوە دەتوانێ بەو مانایەش بێت کە شیرکەتی تر لە پشت مامەڵات هەن، کە ناویان نادرکێندرێ.

ئاڵمان و ئێران بە تەنیا لە ڕێگای ئاساییەوە پێوەندیان لەگەڵ یەک نەبووە. دوبەی دەوری دەرگای کراوەی بۆ ئێران و ڕۆژئاوا بە تایبەت ئاڵمان گێڕاوە. لە ڕۆژی ١٧ ی نوامبری ٢٠٠٩ پازدە خانم و ئاغای ئاڵمانی خۆ بە ژووری هوتیل Dubai Monarch دا دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگای نوێی هاوکاری سەنعەتی ئاڵمان و ئێران بدۆزنەوە. یانەی سەنعەتی ئاڵمان و ئیمارات و ماڵی بازرگانی دوبەی، ئەم دانیشتنەیان بە مەبەستی پێکهێنانی گرووپی کاری تایبەت بە ئێران ڕێکخستبوو. پرۆتۆکۆلی ئەم دانیشتنانە لە ئورشەلیم پۆست و والستریت ژۆرناڵ Jerusalem Post & Wall Street Journal و شوێنی تر بڵاوکرانەوە، کە کێشەی بۆ ئاڵمان ساز کرد. ئاڵمان دەوری براگەوری بۆ ڕژیمی ئێران گێڕاوە و لە هەموو بوارەکان کە ڕوون و ئاشکرا نین، هاوکاری ئێرانیان کردووە و دەزاندرێ کە ئاڵمان لە بواری سەنعەتی، نیزامی، ئەمنیەتی و نهێنی ئیمکانی ئەوەی هەبووە و هەیە هاوکاری ئێران بکات.

دوبەی و وڵاتانی دەور و بەر و ئوروپا و ئامریکا و کانەدا و وڵاتانی تر، ڕێگا و ئیمکانی ڕاستە و خۆ و ناڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە، بەشداری مامەڵات لەگەڵ ئێران بکەن. دوبەی تەنیا یەک نموونە لە بێژمارانی ترە. بارستایی ئەو شتانەی ئاڵمان ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئیماراتی ناردووە، سەرووی یازدە ملیارد ئۆیرۆیە، کە ٤٠ لە سەد زۆرتر لە ساڵی ٢٠٠٧ بووە. ئەم شتانە بۆ وڵاتێکی دە ملیۆن کەسی ناردراوە؟ هەر لەو ساڵەدا کڕینی ماشین و دەزگای سەنعەتی ئیمارات لە ئاڵمان هەتا ٦٠ لە سەد هەڵکشاوە و لە ماوەی یەک ساڵ گەیشتۆنەتە ٥/٦ ملیارد دۆلار .ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران لە گەمارۆی ئابووریدا بووە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە گەر بزاندرێ لە دوبەی ٨٠٠ شیرکەتی ئاڵمانی بوونیان هەیە.

**بانکی تیجاری ئوروپا ئێران** (Europäisch-Iranische Handelsbank AG eihbank.de)

ئەم بانکە کە بە پێی پیناسەکەی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا بۆ تیجارەتکردنی ئێران لە ئەوروپا دامەزراوە، لە لایەن ئامریکاوە لە لیستی ڕەش دایە، بەڵام حکومەتی ئاڵمان لە مەڕ درێژەدان بە مامەڵات لەگەڵ ئێران دەیپارێزێ. بانکەکە لە نێوەکەی ڕا دەبێ بانکێکی ئوروپی ئێرانی بێ، بەڵام وا نییە و تەواو ئێرانییە و سەرمایەکەی بانکی دەوڵەتی سەنعەت، بانکی میللەت و تیجارەت دابینیان کردووە. " عەلی دیوانداری" کە ناوی لە لیستی ڕەشی پارلەمانی ئوروپا دایە، جێگری سەرۆکی

بانکەکەیە و هاوکات سەرۆکی بانکی میللەتە لە تاران و بە پێی زانیاری یەکیەتی ئوروپا بە پاڵپشتی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەناسرێ. "رامین پاشایی فام" بەڕێوەبەری دەفتەری بەرنامەڕێژی پێوەندییەکانی تیجاری سەرۆک کۆماری ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٩ کرایە یەکێک لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم بانکە لە هامبورگ. ئەم ئاغایە بەرپرسی بانکی سپایە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە ناوی لە لیستی ڕەشی نەتەوە یەکگرتووەکان دایە.
"ستوارت لێئوی" شارەزای تێرۆریسمی وەزارەتی دارایی ئامریکا، بانکی ئوروپی ئێرانی هامبورگ، بە گەوەرترین تێکدەری گەمارۆکانی سەر ئێران دەزانێ و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەولاوە ئەم بانکە مامەڵاتی هەرە گەورەی لەگەڵ ناوەندکانی چەک بۆ بەرنامەی ئەتۆمی ئەنجام داوە. ئەم نیگرانیانە ئەوکاتە زۆرتر دەردەکەوێ، ئەگەر بزاندرێ لە نێوان ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨ مامەڵاتی ئەم بانکە ٪١١٢ لە سەد هەڵکشاوە. مەموجودی بانکەکە لە سێ ساڵەدا ٪١١٨لە سەد زیادی کردووە، پارەی هاوردە ٪٢٢٥ لە سەد بەرەو ژوور چووە، قازانجی ئەم سێ ساڵە، سەرووی ٪٢٢٨ لە سەد هەڵکشاوە.
ئەو مامەڵاتانە چ بوون کە لە وڵاتێکی ئورووپییەوە ئەم بانکە ئەنجامی داوە؟ گەر بانکێکی لەو چەشتە، ڕژیمێکی لە چەشنی ئێرانی لە پشت نەبێ و دەوڵەتانی وەک ئاڵمان پاڵپشتی نەبن، بۆیان دەست دەدا مامەڵاتی نادیاری لەو چەشنە ئەنجام بدەن؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە بانکە بەناوبانکەکانی ئاڵمان، وەک دویچە بانک، ئەگەر دەوڵەتی ئاڵمان یارمەتی نەدابایە ساڵی ٢٠٠٨ لە قەیرانی ئەو ساڵە، تێدا دەچوو.

لە ٢٣ ی مانگی مای ٢٠١١ یەکیەتی ئورووپا "بانکی ئورووپا ئێرانی" خستە ناو لیستی گەمارۆ. پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان مەجبوور کرابوو ڕایبگەیێ کە ئەم بانکە لە ڕێگای هەمجۆر گەمارۆکانی دەور داوەتەوە. لەم پێوەندییەدا وال ستریت جۆرناڵ نووسی: "لەوە دەچێ ئاڵمان سیاسەتی دەرحەق بە ئێران گۆڕیبێ." ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە ئاڵمان هەتا دوا ساتەکان نەچووە ژێر باری ڕاستی چالاکییەکانی ئەم بانکە، کە بەرژەوەندی ئاڵمانی تێدا بوو. فشاری وڵاتان بە تایبەت ئەمریکا ئەوانی ملکەچ کرد، هەرچەند تا دواسات دەوڵەتی ئاڵمان کارئاسانی بۆ ڕاگواستنی ملیارد دۆلار لە بانکی هیندەوە بۆ ئەم بانکە کردبوو. ئێران لە ڕێگای فرۆشی نەوت بە هیندوستان بە ملیارد دۆلاری ڕەوانەی بانکی ناوبراو کرد، کە ئەم پارەیە بۆ پرۆژەی ئەتۆمی ئێران بەکار هێندرا بوو.
پاش گەمارۆ، ڕەوانەکردنی نەوت بۆ هیند بەردەوام دەمێنێ، بەڵام نەکراوە پارەکەی بۆ ئێران بنێردرێ، ڕێگاچارە ئەوە بووە، بانکی هامبورگ بە هاوکاری ئاڵمان و بانکی State Bank of Indina ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستە بانکی ناوبراوی هیند حیسابێک لە لای بانکی ئێرانی ئورووپی دەکاتەوە و ئەم سێ وڵاتە چارەی گرفتەکە دەکەن.
بانکی ناوبراو ساڵانە ٩ ملیارد یۆیرۆ لە بری فرۆشی نەوت دەرژێنێتە بانکی ئێرانی ئورووپی. شپیگل ئانلاین لە ٢٠ی فوریە درکاندی کە ئێران بە ئازادکردنی دوو ژۆرنالیستی ئاڵمانی، ڕێگای بۆ بانکی هیندی خۆش کردووە، پارەی نەوتەکەی برژێنێتە بانکی ئێرانی لە هامبورک.

**حزبی ئاڵمانی و ئێران**
دیداری ١٦ هەتا ٢٢ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ی پارلەمانتارانی سەر بە حزبەکانی ئاڵمان لە سەر بانگێشتی حەداد عادل بەرپرسی بەشی فەرهەنگی مەجلیسی ئێران، ڕووی ڕاستەقینەی حزب، سیاسەتمەدار و سیاسەت دەردەخات.
بەشداربووان ئەم کەسانە بوون:
**CSU** Peter Gauweiler وەکیل
**CDU** Monika Grütters
**SPD** Günter Gloser یەک لە بەرپرسانی وەزارتی دەرەوە
**die Linke** Luc Joachim ژۆرنالیستی تەلەویزیۆن
**die Grüne** Claudia Roth کەسی بەناوبانگی سەوزەکان
و Volker Perthed نوێنەری بونیاد بۆ زانست و سیاسەت.
ئەم کەسانە هیچیان پێوەندیان بە کاری کولتورییەوە نەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش نەچوون بۆ ئێران. گفتوگۆی ئەوان لە گەڵ بەرپرسانی باڵای سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و سەنعەتی ئێران نەدرکێندرا. دوو خانمی ئەندامی وقدەکە لە حزبی سەوزەکان و مەسیحی دێموکرات (حزبەکەی مێرکل) کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ژینا فیمینیستی دەرکەوتن، کاتی دیدار لە گەڵ بەرپرسانی ڕژیم بە پێی دەستوراتی ئیسلام خۆیان پۆشتە کردبوو.
ساڵی ١٩٧٥(٢٩ فروردین ١٣٥۴) بڕیار بوو بیژەن جەزەنی و هاوڕێکانی، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی چریک فەدائی، ئیعدام بکرێن، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەفەری سەرۆک وەزیرانی ئاڵمان"ویلی برانت" بۆ تاران. ویلی برانت یەک لە ئیدئۆلۆگە خۆشناوەکانی سۆسیال دێموکرات بوو. <<بەر لەوەی برانت بگاتە تاران، سەفیری ئاڵمان چووبووە لای شا و داوای لێکردبوو ئەو ئیعدامانە هەتا گەڕانەوەی ویلی برانت وەدوا بخرێ>>.
گێرهارد شرودر سەرۆکی حزبی سۆسیال دێموکرات، سەرۆکوەزیرانی ئاڵمان و یۆشکا فیشر بەرپرسی حزبی سەوز و وەزیری دەرەوەی ئاڵمان، خۆیان بە حزبی ئاشتی و دوور لە شەڕ دەناساند، ئەوان بە ناردنی سپای ئاڵمان بەشداری چالاکیان لە

شەڕی باڵکان کرد، هەروەک چۆن ئولاف شۆلتس سەرۆک وەزیران لە حزبی سۆسیال دێموکرات و ئانالێنا بێربۆک وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە حزبی سەوز، بە گەرم و گوڕی ئەمڕۆژانە بە شدار لە شەڕی ئۆکراین هەن.

حزبی سەوز بۆ نزیک بوونەوە لە ڕژیمی ئیسلامی ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕێگای دەزگای "هاینریش بویل" کۆنفرانسێکیان سەبارەت بە ئێران ساز کرد، کە بەشداربووانی لە ئێرانەوە بانگ کرابوون و لە گەڕانەوەدا دەستبەسەر کران. لە هاوینی هەمان ساڵ دەوڵەتی "شرودێر و فیشر" بە ڕەسمی پێشوازیان لە محەممەد خاتەمی سەرۆککۆماری ئێران کرد. خاتمی لە ڕێگای مێدیا و دامودەزگای حکومەتی ئاڵمان بانگەوازی "دیالۆگی ناو کولتورەکان"ی جاڕ دا، لە کاتێکدا دەزاندرا خاتەمی و حکومەتی ئیسلامی چۆن لەگەڵ خاوەن کولتورە جیاوازەکانی نە فارس دەجولێنەوە! ئاڵمانی برا گەورە لەم ڕێگایەوە بە دەستپێشخەری حزبی سۆسیال دێموکرات و سەوزەکان، دەیانویست روخساری دیکتاتوری ئێران جیاواز نیشان بدەن بۆ ئەوەی سیاسەتی ڕەخنە و هاوکاری برەو پەیدا بکات. وەزیری ناوخۆی ئاڵمان "ئۆتۆ شیلی" کە خۆی زۆر بە چەپ و ڕادیکاڵ دەزانی، میواندارای محەممەد خاتەمی بۆ دیالۆگی ناو کولتورەکان بوو، هەروەک چۆن سەرۆکی حزبی سەوز "یۆشکا فیشەر "کە زاوای فارسەکانە، وەک وەزیری دەرەوە هەمان دەوری گێڕا.
حزبی چەپ کە وەک حزبی سەوز و سۆسیال و دێموکرات کۆمەڵێک ئێرانی بە ڕواڵەت دژ بە ئێرانیان لە ناو دایە و وەک محلل دەکەونە بەرچاو، لە تێگەیشتنی بە ناو دژی ئەمپریالیستی وەک حزبەکانی چەپی کورد و ئێرانی، بە شێوەی خۆیان لەگەڵ ئێران وا دەجولێنەوە کە تاران زویر نەبێ. ئەوان دەزانن کە ئێران سیاسەتی نابوودی ئسرائیلی هەیە و دژ بە جوو دەجولێتەوە، دەزانن چەپەکانی هاوفکری خۆیان لە زیندان خراون و زۆریان کوژراون، دەزانن کە مافی مرۆڤ، مافی ژن، مافی نەتەوەکان و مافی خەڵک بە گشتی پێشێل دەکرێ، بەو حاڵە ئامادە نین حاڵەتی ڕەخنە بەرانبەر بە ڕژیمی ئێران پەیدا بکەن. بەرپرسی ڕۆژنامەکەیان "نۆیس دویچلاند"، کەسێکی ئێرانی یە بە ناوی "روزبە تاهری" ئەم ڕۆژنامەیە داوایان لە نووسەری ئاڵمانی "ماتیاس کونتسل" کردبوو لە سەر ئێران بابەتیان بۆ بنووسێ، بەڵام کە دەبینن لە خەتی ئەواندا نەینووسیوە، بابەتەکەی لە چاپ نادەن.
سیاسەت لە ناو حزبەکانی ئاڵمان و هەر شوێنێکی تری ئورووپا ڕووی ڕاستەقینەی ئەوەیە. لە کاتێکدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵێک لە وڵاتان سیاسەتی ئەتۆمیکردنی ئێران و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وەک هۆ بۆ مەحکومکردنی ئێران بەڕێوە دەبن، حزبی چەپ وەک کوبا و وێنۆزئیلا لەگەڵ ئێران دەجولێتەوە. "ئۆسکار لافۆنتن" کە پێشتر سەرۆکی حزبی سۆسیال دێموکرات و دواتر سەرۆکی حزبی چەپ بوو، کە ئێستا لەوانیش دابڕاوە، بە تەما بوو مانگی ئاپریلی ٢٠٠٦ بچێ بۆ دیداری مەحموودی ئەحەمەدی نیژاد، ڕێک دوای ئەوەی کارەساتی هۆلۆکاوس و قەتلۆعامی جوولەکەکانی بە درۆ جاڕ دابوو، ئەوە هەڵوێستی حزبێکی چەپ بوو کە بە تووندی "ئانتی سیمیتیزم" ڕەددەکاتەوە.
لە چواری ئاپریلی ٢٠١٢ گونتر گراس شیعرێکی بەناوی "Was gesagt werden muss" لە سەر ئێران و ئیسرائیل بڵاوکردەوە و ئیسرائیلی بە مەترسی ئاشتی جیهان ناو برد. ئەمە هەرای لێ ساز بوو. لە بەر ئەوەی هەمان بۆچوونی هیتلێر و خومەینی وەبیر دەهێنایەوە. ئەم بۆچوونەی گراس ڕێک بوو لە گەڵ لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن یەکیەتی ئورووپاوە ئەنجام درابوو، ٦٥ لە سەدی خەڵکی ئاڵمان، ئەم باوەڕەیان هەبوو، کە " ئیسرائیل مەترسی یە بۆ ئاشتی جیهان"، بە هەمان شێوە ئەم ڕێژەیە لە یەکیەتی ئورووپا ٦٠ لە سەد بوو. گەر ئەم ڕاپرسییە درووست بێ، ماناکەی ئەوەیە کە سەرجەم ئەو وڵاتانەی ئیسرائیل پشتیوانی مادی و چەک و چۆڵ دەکەن، بەشدارن لە سیاسەتی شەڕخوازانە. لە لایەکی دی ئەم سیاسەتە ڕێک بە سوودی ئێرانە کە دژی ئیسرائیل خۆی نیشان دەدات.
لێرەدا ئەوەی گووم دەبێ مەنتقە. ئیسرائیل مەترسییە بۆ سەر ئاشتی جیهان، خەڵکی ئورووپا لە ٦٠ بۆ ٦٥ لە سەد باوەڕیان ئەوەیە، ئامریکا، ئورووپا پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن و ئاڵمان ئەمنیەتی ئیسرائیل بە هی خۆی دەزانێ. بەم پێیە ئامریکا و ئورووپا و ئاڵمان خۆیان لایەنێکی مەترسی سەر ئاشتی جیهانن! ئەمە دەبێ هەمان "ڕێئال پۆلیتیک" بێ کە دوور لە هەر چەشنە "ئەتیک" خۆی دەنوێنێ!
پرسیاری سەرەکی بۆ کوردی ٥٠ ملیۆن کەسی ئەوەیە، لە جیهانێکی سیاسی لەو چەشنە، دەبێ چ هێز و چ قورساییەکی ئینسانی، سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی ناوچەیی و جیهانی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ شوێن و پێگە لە سیاسەت و دیپلۆماسی پەیدا بکات؟ ئایا میللەتێکی چەند پارچەی، یەکنەگرتووی، بێ پرۆژەی نەتەوەیی و خاوەنی ڕێکخراوی گچکە گچکەی ناسەردەمیانە، چەندە دەکەوێتە ناو گەمەی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی؟
ئایا پێوەندی ئاڵمان و ئێران و هەڵسوکەوتی حزب و دەوڵەت ئەم ڕاستیە نادرکێنن کە بەرژەوەندی گشتی وڵات باڵاتر لە حزب، ئیدئۆلۆژی و مەسەلەکانی ترە؟!

برایم فەرشی
دسامبر ٢٠٢٢- ژانویە ٢٠٢٣

هەموو ئەو زانیارییانەی لێرە باس کران هەرچەند لە مێدیای زانی ئاڵمان و فارس و کورد باس نەکراون، بەڵام لە گۆڤار و کتێب و ماڵپەڕی تایبەت بڵاو کراونەتەوە بۆ وێنە ئەم کتێبانە:

Nazis und der Naheosten wie der islamische Antisemitismus entstand: Matthias Künzel

Schattenarmeen, Die Geheimdienste der islamischen Welt: Wilhelm Dietl

Islam in der Krise: Michael Blume

Partner nicht Gegner: Christoph Bertram

Deutschland, Iran und die Bombe: Mattias Künzel

Die Deutschen und der Iran: Mattias Künzel

١- https://www.planet-wissen.de/geschichte/nationalsozialismus/kindheit_im_zweiten_weltkrieg/index.html

- ئەم بابەتە لە گۆڤاری تیشک ژمارە ٦٥ /٦٦ باییز و زستانی ساڵی ٢٧٢٢ دا بڵاوبۆتەوە.